# ئاکار:
# ڕاستی و بەها

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١ - هەر لە سەرەتاوە ئەو پرسیارە سەرئاو دەکەوێ:

ئایا شتێک، بابەتێک هەیە لە خۆیدا بوونی سەربەخۆیی هەبێ و بە - بەها - ناوببرێ؟! ئایا ئەمە خەسڵەتێک، تایبەتمەندییەکی خودی مرۆڤ نییە کە دایهێناوە و بۆ هەڵسەنگاندن دەیداتە پاڵ ئەنجامی کار و کردار و بڕیارێک؟ وەڵامەکە هەر چۆنێک بێت و بە هەر لایەکدا بخرێ، پێوەرێک هەیە ئەنجامی پێ هەڵدەسەنگێنرێ و وشەی نیمچە کوردی (بەهای) بۆ بەکار دەهێنرێ، ئەو چەمکە بەپێی قۆناغ و کات و جێگا و پەرەسەندنی ژیان و گوزەران و کۆمەڵگە لە وردەکارییەکاندا گۆڕان بەسەر ڕوخسار و ناوەرۆکیدا هاتووە.

- بۆ نموونە پەرەسەندنی زانست و شۆڕشی تەکنۆلۆجی لەگەڵ خۆیاندا جۆرە کولتوور و هزر و ڕەوشت و شارستانییەتێکیان جێگیر کردووە کە لەگەڵ ئامانجی خوازراوی خۆیاندا بێنەوە. لەو ڕەوشەدا بەهاکان بە گشتی و بەهای ئاکار بە تایبەتی پڕیشکی بەرکەوتووە و لە ناوەرۆک و ڕوخساردا، گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

- ڕاستە، لەگەڵ ئەوەدا، کە تەکنۆلۆجی مۆدێرن، مرۆڤی لە زانین و زانیاری بێ نیاز کردووە، بەڵام لەلایەکی ترەوە شێوازێکی لەگەڵ خۆی گونجاوی ڕەوشت و کرداری بەسەر مرۆڤدا

سەپاندووە، ئەمەش بەهای تری ئاکاریی لەگەڵ خۆیدا هاوردە کردووە.

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانی سەرنج ڕاکێشیان بەسەردا هاتووە. خۆشەویستی، بە زەیی پێداهاتنەوە، ڕک و کینە، ئازایەتی و ترسنۆکی بە جۆرێکی تر و بە شێوازی جیاوازتر لە ڕابوردوو داڕێژراونەتەوە و پێناسەکراون (پێوەندی نێوان کچ و کوڕ، ژن و پیاو، نێرومێ لە دەرەوەی هاوسەرگیری) بە شێوازێکی تر پێناسە دەکرێن و پاساو دەدرێنەوە. لە جیاتی هاوسەرگیری جۆرە هەست و سۆز و مەیل و پێوەندییەک لەنێوان نێرومێدا کراوە بە پێشمەرج، تەنانەت هەندێک وشە لە قامووسدا نەماون، کەوابوو بەها لە خۆیدا چییە؟ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کامانەن؟ کە مرۆڤ دەڵێ: بەها باسی چی دەکات؟

- مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگەیەکی دیاردا ژیان بەسەر دەبات. لەو کۆمەڵگەیەدا چەند دامودەزگا و دامەزراوێکی سیاسی و ئابووری و قانوونی و کۆمەڵایەتی دەست بەکارن و تاکەکانیان کۆنتڕۆڵ کردووە. ئەگەر ئەو بۆچوونە نارێیە ڕەشبینە بخەینە لاوە کە (ئەو دامەزراوانە — بە دەوڵەت و کۆمەڵگەوە — بەدار و قەمچی ستەم و بێدادی دەبینێ)، ئەوجا بە سایەی ئەو هەژموون و کۆنتڕۆڵەوە بە ئاشکرا ڕەنگی ژیان و ڕەوشت و کرداری ئاکارییانە دەڕێژن و پشت ئەستوور بە ئایین، سنوورێک بۆ ڕێگەدراو و ڕێگە نەدراو (حەڵاڵ و حەرام) دەکێشن، ئەمە مەبەستەکە لەو بۆچوونەی ئەو سێ کارکردەیە بە هۆکاری گۆڕان بە گشتی و گۆڕینی بەهاکان بە تایبەتی دەبینێ:

**یەک:** سیاسەتمەدارێکی سەرکردەی خاوەن کاریزما.

**دوو:** دامەزراوێکی ئابووری خاوەن سامان (کارتێل، مۆنۆپۆل).

**سێ:** زانایەکی ئایینی پشت ئەستوور بە ڕێنماییە ئایینییەکان.

**چوار:** زانایەکی زانستی وەک ئاینشتاین کە بنەمای (تیۆری) ڕێژەیی بە هەردوو تایبەتی و گشتییەوە.

- بوونی ئەو سەرچاوە هەمەجۆرە بەهێزانەی بنەما و ڕێنماییەکانی ئاکار و کێشەیەکی سەخت بەرپا دەکات: ئەگەر هاتو بڕیارێک، هەنگاوێک ئیتر بە سروشت و ڕەهەندە ئاکارییەکانییەوە لەگەڵ سوود و قازانجی تاکەکاندا نەگونجا، دەکرێ یاخی بن لێی و پێوەی پابەند نەبن؟ ئایا تووشی سزای سەخت نەبنەوە؟

پاساوی ئەو ڕەوشە بەوە دەدرێتەوە گوایە بەهۆی پێشکەوتنی شارستانیەتەوە ئاسۆی زانین و هزری زانستی ئەوپەڕی فراوان و گەشەیان کردووە، کەچی لە بەرانبەردا خواستی مرۆڤ و هەست و سۆز و هۆشیاریی و (شعوری) لە چاو زانینەکە ئەوپەڕەیان نەسەندووە و فراوان و گەشەکردوو نین، بەڵام لاری لەوە نییە کە ئەو شارستانیەتە خۆی کە لافی مرۆڤدۆستی و ئازادی و داد و یەکسانی لێ دەدات، لە چاو قۆناغەکانی پێشتر، ئامراز و شێوازی ئەوتۆی بەدکاریی و تۆقاندن و ئەشکەنجە و ئازاردان و کوشتن و بڕین و قڕکردنی داهێناوە لە چاو ڕابوردوو گشت سنوورێکی بەزاندووە. ئەمە دەچێتە چ خانەیەکی ئاکارەوە؟ چۆن پاساو دەدرێ و لێک دەدرێتەوە؟ ئەگەر لەشکری خوێنڕێژی تورک دوای جەنگی سەفەر بەرلک بە فەرمانی ئەتاتورک بە هەفتەیەک — دە ڕۆژ لە ئەنکەرە — ئەستەنبوڵەوە گەیشتبێتە ناوچەکانی باشووری کوردستان و بە تفەنگەکانیان تاک تاک خەڵکیان ڕەشەکوژ کردبێ، لەم سەردەمەدا ئامرازی تەکنۆلۆجی

مۆدێرن (تانک و زرێپۆش و چەکی کیمیایی و دۆشکە و فرۆکەی تیژڕەو فرۆکەی بێ فرۆکەوان — درۆن-) لە ماوەیەکی ئەوپەڕی کورت و کەمدا دە ئەوەندە تاوان بەرانبەر بە میللەت دەکەن، ئەمەش لایەنێکی نارێ و بەدکاریی تەکنۆلۆجی و زانستی سەردەمە، کەوابوو بنەما ئاکارییەکانی پاساودانی ئەو تاوانە و ڕەشەکوژی و قڕکردنە دەبێ چی و چۆن بێ؟ ئاکار بە هەموو ڕەهەندەکانیانییەوە لەو ڕەوشەدا بەکار دەبرێ، بە ئارەزوو بەبێ گوێ دانە بنەماکانی، تۆمەت هەڵدەبەسترێ و دەدرێتە پاڵ ستەم لێکراوان! بە جۆرێکیش ئەو بنەمایانە لێک دەدرێنەوە کە ئەوەی دووچاری بێدادی و قاتوقڕیی و ستەم لێ کردن بووە، گوایە (شایستەی) ئەوەیە بەرانبەری، یان بەرانبەریان کراون.

٢ — ئەو پرسیارەی لە بارەی چییەتی و پوختەی بەهاوە دەکرێ لەو پرسە جیا ناکرێتەوە: چ پێوەندییەکی بە هەڵکەوتی دەورووبەرەوە هەیە؟ بەها خۆی لە خۆیدا خەسڵەتی بڕیار (حوکمێکە) دەربارەی هەڵسەنگاندنی شتێک، کارێک، کردارێک، ڕەفتارێک کە دەدرێ، چەند نیشانەیەکی هەیە وەک:

**یەک:** تا چەند توانایی پیادە و جێبەجێ کردن و بەکاربردنی تێدایە؟

**دوو:** تایبەتمەندی و جیاوازی هەر یەکێک لە بەهاکان (١) چۆنە؟

**سێ:** پێوەندی دەستیاوی نێوانیان چۆن هەڵدەسەنگێنرێ؟

**چوار:** ئایا دەکرێ قسە لە ڕوخسار و ناوەرۆکی بەها بکرێت؟

**پێنج:** بەها کە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی کاروکردار دەکەوێتەوە، جۆرە هەڵوێستێکی سیستمی نەزمیانە بەرجەستە دەکات، ڕەنگ ڕشتنەکەی لە ویژدان و خواست و کار و کردار و ڕەوشتەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمانەش تانوپۆی ژیانی ئاکارییان لێ پێک دێت. دوور نییە لێرەدا بگوترێ ئەو پۆلێن و جیاکردنەوەیە دەربارەی پوختەی بەهاکان بە گشتی و ئەکادیمی لە چوارچێوەی فەلسەفەدا بە پێویستی دەکات، ئیتر ئەوەی هەیە و لە ئارادایە شتێکە و ئەوەی گریمانە و مەزەندە دەکرێ و لە توێژینەوەوە دەکەوێتەوە شتێکی ترە.

– توانایی پیادەکردنی بەها پەیوەستە بە گەوهەری کردارەکە کە کراوە و ئەو دەرکەوتەی لێی کەوتووەتەوە. کێشەکە لە بنەڕەتدا پێوەری هەڵسەنگاندنەکەیە، چۆنە؟. بەهاکان بێگومان لە وردەکاریدا لە یەکتری جیاوازن، چونکە بکەری کار و کردار لەنێوان خۆیاندا و لەو مەبەستەی هەیانە لە یەکتری جیاوازن، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەدا پێوەندی پابەندبوونی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەیە.

– بەهاکان وەک هەموو بابەتێکی هەڵسەنگاندن، جۆرە نەزم و سیستمێک لە نێوانیاندا هەیە و هەست پێ دەکرێ، بەڵام ئەو نەزمە دەرکەوتەی هەست و سۆز و ویژدانی بکەر و بڕیاردەر و هەڵسەنگێنەر بە یەکەوە کۆ دەکاتەوە و دەیانخاتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە.

٣ — ئەگەر بێتو بۆ ڕوونکردنەوەی بەها بشێ پەنا ببرێتە بەر لۆجیکی ڕوخسارەکی (چونکە جیاوازی نێوانیان لە لەیەکچوونیان پتر و گەورەترە) دەکرێ بگوترێ:

– بابەتێک کە خەسڵەتی بەهای بکەوێ و پێی ببەخشرێ بە بنەمای بەها (مەوزوعی بەها) ناودەبرێ، چونکە بەهاکە بووە بە بار بەسەریەوە.

– ئەو بەهایەی دەدرێتە پاڵ بابەتەکە باری بەهاکە (مەحمولی بەها) دەردەبڕێ (٢). جگە لە هەردوو ڕەوشی بنەوبار دەکرێ بەها بە شێوازی کار بەکاربهێنرێ؛ هەڤاڵ گوناهبارە،

دزی گوناهـ و تاوانـە.

هـەر لەسـەردەمی پرۆفیسـۆر (جـۆرج مۆر)ـەوە ئـەو بـاوەڕە جێگیـر بـووە کـە چەمکـی بەهـا لـە پێناسـەکردن نایـەت، چونکـە خەسـڵەتی بەهـا دەکـرێ بـە چـاو (هەسـت بـە بوونـی بکـرێ)، بـەڵام شـرۆڤەکردنی سـەختە.

ئەوجـا پێناسـە وەک بابەتێکـی لۆجیـک پشـت بـە هـەردوو بابەتـی ڕەگـەز و جیـاکار دەبەسـتێ، ئـەم دووانـەش لـە بەهـادا بوونیـان نییـە، چونکـە بەهـا وەک خەسـڵەت و چەمـک لـە خۆیـدا سـادە و سـاکارە، ناکـرێ ببرێتـەوە سـەر هیـچ بنەمایـەک و لـە خۆیشـیدا بابەتێکـی سـەربەخۆ نییـە. دەکـرێ وەک سـیمبۆلێک دابنـرێ کـە لـە چوارچێـوەی دەسـتەواژەدا واتـای دەبێـت، خـۆی لـە ناوەرۆکـدا، ئایا هەیەتـی، یـان نیەتـی؟ کێشـەی لەسـەرە، بـەڵام ناکـرێ بـە چەمکێکـی بـێ واتـا دابنـرێ!

لـە توێژینـەوەدا مـرۆڤ قسـە لـە چەمکـی بەهـای ئـاکاری، چەمکـی بەهـای ئیسـتێتیک (جوانـی و هونـەر)، بەهـای سـوود و قازانـج: بـۆ نموونـە لـە کایـەی ئـاکاردا دەگوتـرێ: پابەندبـوون، ویـژدان، چاکەکاریـی، بەدکاریـی (ڕەوەنـد و گەنـد). داوێـن پاکـی، دڵسـۆزی، دووزمانـی.

- ئەگـەر فەلسـەفەی ئـاکار ئامانجەکانـی کرداری مـرۆڤ و ئـەو ئامرازانـە کـە بەهۆیـەوە بـە ئـاوات دەکات، بـکات بـە کەرەسـتەی توێژینـەوە، ئـەوە چەمکـی ویـژدان چەمکـی سـەرەکی و بەختـەوەری دوا ئامانجیەتـی کـە ئامـراز نییـە، ئامانجێکـی تـر بـەدی بهێنـێ. بەختـەوەری لـەلای خۆیـەوە هەسـتکردن و شـعوورێکە بـە ڕەزامەنـدی لـە ژیـان و هیـوا خواسـتنی بـەردەوام بوونیەتـی بـە درێژایـی گـوزەران و ژیـن.

دوور نییـە بگوتـرێ ئـەو جـۆرە هیـوا و ئاواتـەی بەختـــەوەر بـــوون گشـــت ســـنوورێک دەبەزێنـــێ.

لەلایەکـەوە باسـکردنی ئـەو ڕەوشـە لـە خۆیـدا ئەگـەر لـە کـردن نەیـەت، وا سـووک و ئاسـان نییـە، چونکـە لـە مرۆڤێکـەوە بـۆ یەکێکـی دیکـە و لـە کات و جێگەیەکـەوە بـۆ هـی تـر جیایـە و گۆڕانـی بەسـەردا دێت، ئەوجا ژیانـی بـێ کێشـە، بەختەوەریـی هەمیشـە تەنیـا هـەر ئەندێشـەیە و لـە هەڵبەسـتی شـایەراندا بوونـی هەیـە! ئـەوی دەکـرێ بگوتـرێ:

دەکرێ لـە ژیانـدا مـرۆڤ ساتە کاتێـک، ماوەیـەک، لـە هەلومەرجێکـدا هەسـت بـەو ڕەزامەندییە بکات. بێ نیـاز بـوون لـە هەمـوو شـتێک تەنیـا لـەو بەهەشـتەدا بوونـی هەیـە کـە ئایینـەکان دڵـی لایەنگرانـی خۆیانـی پـێ خـۆش دەکـەن، بەبـێ ئـەوەی بزانـرێ چییـە و چۆنە!

٤ — فەیلەسـووفەکان (مـن پێـم شـک نایـەت لـە ژیانیانـدا بەختـەوەر بووبـن) چاکەکاریـی (ڕەنـد — فەزیلـەت — خێـر) بـە بـەردی بناغـەی بەختەوەری دادەنێـن، چونکـە ئـەو چاکەکارییـە (سـەرکەوتن، لـەش سـاغی، دۆسـتایەتی، پێوەنـدی کۆمەڵایەتـی، یارمەتیدان و کۆمەک کردن، دەسـتگرتنی کەسـانی پێویسـت پـێ بـوو)، لـە خۆیدا بـاش و پەسـند و خـوازراوە بەبێ ئـەوەی چاوەڕێـی سـوود و قازانـج و چێـژ پـێ گەیشـتنی لـێ بکرێـت!

بەختەوەریـی وەک ڕەوش (دۆخ) و چاکەکاریـی وەک (ڕەنـد) بەبـێ گوێدانـە هـۆکاری پاڵنەرەکـەی لـەوەوە دەکەوێتـەوە تـا چەنـد مـرۆڤ دەتوانـێ دەسـەڵاتی بەسـەر خـودی خۆیـدا، بەسـەر ناخـی دەروون و هەسـت و ئـارەزوو و هەڵچوونەکانیـدا بشـکێ؟ ئەوکاتـە دەتوانـێ جـۆرە هەماهەنگییـەک، پارسـەنگێک لەنێـوان هـەردوو تـای تـەرازوو: کـردار و بڕیـار (حوکـم دان) ڕابگـرێ، ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا جـۆرە ڕەزامەندییـەک کـە ڕێگـەی بەختەوەریـی خـۆش دەکات، دەسـتەبەر دەبێ، یان

بەلای کەمەوە ناڕەزاییەکە لا دەبات و گلەیی و گازندە و بێ ئومێدی کاڵ دەکاتەوە. دەمێنێتەوە کێشەی نێوان ئارەزووی کورت خایەن و ئارەزووی درێژخایەن و بەردەوام! ڕەزامەندیی ئەگەر لە تێرکردنی (حەز و ئارەزووی ڕەوا) نەکەوێتەوە، بەرەو چ شتێک هەنگاو هەڵدەگرێ؟ بە هیچ جۆرێک بەختەوەریی خەسڵەتێک نییە مرۆڤ بە دەستی بهێنێ، چونکە هەمیشە ناجێگیرە و دەگۆڕێ و بەپێی قۆناغەکانی ژیانی پەرە دەستێنێ و گەشە دەکات!

ژیانی بەختەوەر ئەوەیە کە پابەندی بنەماکانی ژیانی ئاکارییانەیە.

ئەمەش دوو خەسڵەتی هەیە:

**یەک:** چاکەکاریی جێبەجێ کردنی ئەرکی ژیری مرۆڤە. (٣)

**دوو:** ئەو جێبەجێ کردنەی ئەو ئەرکە دەکرێ بە جۆرێک لە بەختەوەریی دابنرێ، چونکە ئەو چاکەکارییە دەبێ ڕەهابێ و چالاکییەکانی ژیان بەرجەستە بکات، هەروەها خۆی لە خۆیدا مەیل و ئارەزوویەکی سروشتییە لە ناخی مرۆڤدا، ئەو مەیلەش جۆرێکە لە چالاکی ژیر و ژیرەکی، بۆیە ناکرێ بەختەوەری ڕەوشێکی ڕێک کەوت بێ و بێ کۆشش لە خۆیەوە پەیدا ببێ!

٤ — بە دوور لەو پرسیارەی بۆنی سیاسەتی لێ دێ: کێشەی دیاری کردنی سەرچاوەی دەسەڵاتی ئاکاریی، کۆمەڵگە خۆیەتی، دەوڵەت و هێزی دەسەڵاتدارە، دانا و فەیلەسووفەکان و ڕابەرانی ئایینن؟ ئایا دەکرێ یەکێکیان بێ، یان گشتییان پێکەوە بن؟ ئایا پێوەری ئەو بڕیاردانە چییە، دوور بێ لە هەڵەوە کە لە ئیسلامدا (عصمة)ی پێی گوتراوە؟ ئەو بابەتە پرسیارانە دەکرێ لە دوو سەرچاوەدا چڕ و خەست بکرێنەوە کە پوختەکەی ئەمەیە:

**یەک:** سەرچاوەکە ئاسمانە (ڕەب، ئایین، پەیامبەران)، یان:

**دوو:** مرۆڤ خۆی (سەرزەوی — کۆمەڵگە — تاک).

ئەو جۆرە جیاکردنەوەیە دوو ڕەنگیی ئاکاری کێ دەکەوێتەوە، ئاکاری ئایین بە گشت ڕەهەندەکانییەوە، لە بەرانبەر ئاکاریی دنیا کە لەو ڕوانگەیەوە تەماشای ئاکار دەکات کە ئاکار نەمامێکە لەسەر زەوی هەڵکەوتی لە ئارادابوودا شین دەبێ و هیچ پێوەندییەکی بە ئاسمانەوە نییە، بەڵکوو لە ناخی دەروونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ بەو بەڵگەیەی ئەرکی سەرشان کە پێویستە مرۆڤ بیکات و ئۆباڵی ئەنجامەکەی بکێشی، بریتییە لە گوێڕایەڵی کردنی دەنگی ویژدان کە لە ناخی دەروونی مرۆڤەوەیە! لەو ڕۆژەوە مرۆڤ بووە بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و خۆی و خەڵکی دەوروبەری ناسیوە و کۆڕ و کۆمەڵە و گرووپی لێ پێک هاتووە بنەماکانی ئاکاری داناوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیڕەو کراون و جۆرە پابەندبوونێک پەیدا بووە، بەڵام فەلسەفەی ئاکار وەک لقێکی ڕێکوپێکی فەلسەفە داهێنانێکی یۆنانی پێش زایینە! کێشەی ئاکار بەهاو ئەنجام و هەڵسەنگاندن و بڕیار و پێوەرەوە هەر لە سەرەتاوە لە فەلسەفەدا پشکی شێریان بەرکەوتووە:

– کەواتە ئەگەر ئومێدی ئەوە لە زانست کرابێ کە بەهۆی داهێنانەکانییەوە بتوانێ، یان توانیبێتی بەدکاری و ئێش و ئازار و وەی مرۆڤ کەم بکاتەوە و چاکەکاری و خێر و خۆشی پتر دابین بکات و بە گژ نەخۆشیدا بچێتەوە! چی لە فەلسەفەی ئاکار چاوەڕوان دەکرێت؟ ئایا دەکرێ قسەکەی کارڵ مارکس لەو کایەیەدا بە وەڵام دابنرێ کە گوتوویەتی:

– ((فەیلەسووفەکان بەشێوەی جیاواز تەنیا

هــەر جیهانیــان شــرۆڤە کــردووە، بــەڵام گرنــگ ئەوەیــە بگــۆڕدرێ – تێــزە)).

– ئـەو پرسـیارە: ڕاسـتیی بابەتییانـە بدرێتـە پاڵ بیرکردنـەوەی مـرۆڤ، کێشـەیەکی تیورییانـە نییە، بەڵکـوو کێشـەیەکی کرداریـی پراکتیکییـە (٤). تێزە)).

مـن وای بـۆ دەچـم کـە بڕیارەکـەی مارکس پتـر بەلای سیاسـەتدا شـکاندوویەتی و ئەگەر فەلسـەفە بچێتـە ژێربـاری گۆڕینـی جیهـان، خـۆی فەلسـەفە نامێنـێ و دەسـت بەسـەر کایـە و ئەرکـی هـەردوو بابەتـی زانسـت و سیاسـەتدا دەگـرێ.

هــەر لــەو بڕیــارەی (مارکس)ــەوە ئــەو ڕەوشــە کەوتووەتــەوە کــە ئاکار و بنەماکانی ببن بە پاشـکۆی سیاسـەت و خزمەتـی دەسـەڵات و سـوود و قازانجـی سیاسـەتمەداران بـکات، ئیتـر بـە پاسـاودانی بڕیـار و کردارەکانیـان بـێ، یـان بـە شـێوازێکی دیکـە کـە لەگـەڵ ڕەوشـی هەڵکەوتـی لـە ئارادابـوودا بێتـەوە. پێشـتریش بـەو جـۆرە خـۆی ئاییـن دەسـتی بەسـەر قەدەغـە و پاوانـی ئـاکاردا گرتبـوو بـەو جـۆرەی بنەماکانـی پـێ جێگیـر و پشتڕاسـت بکاتـەوە بـە کاری بـردووە، لـەوەوە هـەردوو بابەتـی ڕێگـەدراو- ڕێگەنـەدراو (حـەڵاڵ و حـەرام) پەیـدا بـوون.

– ئــەو گازندەیــە کاڵ دەبێتــەوە کــە ئەگــەر سیاسـەتمەدار بـۆ سـوود و قازانجـی گشـتی بڕیـار بـدات و شـت بـکات، بـۆ دەبـێ پشـت بـە یارمەتـی بنەماکانــی ئــاکار نەبەســتێ؟ وەڵامەکــە بــەو جۆرەیـە: ڕەوایەتـی بڕیـار و کرداری سیاسـی لـە خۆیـدا پەکـی لەسـەر بنەماکانـی ئـاکار ناکـەوێ، هــەر ئــەو بۆچوونــە بــۆ ئایینیــش پەســندە و دەگونجـێ! ئەگـەر بڕیارەکـەی سیاسـەتمەدار لـە جێگــەی خۆیــدا بــێ، بیــر لــە پەنابردنــە بــەر ڕێنمایـی و بنەماکانـی ئـاکار ناکاتـەوە! پەنابـردن بـۆ ئـاکار، ئیتـر پەنابەرەکـە سیاسـی، ئایینـی، زانسـتی بێـت جـۆرە ئەگـەر و گومانێـک لـە بڕیـار و ڕاز و نیـاز و مەبەسـتی پەنابەرەکـە دەوروژێنـێ، کـورد گوتوویەتـی: منداڵـی بـە دەرمانـان ناڕواتـن لەســەر بانــان! پینــە و پــەڕۆ تاڕادەیــەک بــڕ دەکات!.

فەلسـەفە لـەو ڕۆژەوە پەیـدا بـووە، لەسـەردەمی کۆنـی یۆنـان، چووەتـە ژێـر بـاری ئەرکێکـی دیـار کـراو و جێبەجـێ کردنـی ئـەو ئەرکـەی بەسـەر لقـە سـەرەکییەکانیدا دابـەش کـردووە:

– لۆجیـک: توێژینـەوەی بنەماکانـی بیرکردنەوەی مرۆڤ.

– پرۆسـەی (تیۆری زانین) شرۆڤەکردنی سەرچاوەکانی زانینـی مـرۆڤ و تـا چەنـد ئـەو زانینـە جێگـەی دڵنیایی لـێ کردنە؟

– میتافیزیــک: تاووتــو کردنــی بابەتــە سەرووسروشـتییەکان (بە قسـەی کانت) کە سـنووری بڕکـردن و توانایـی ژیـری و مـرۆڤ دەبەزێنـن.

– ئـاکار: لێکۆڵینـەوەی سروشـتی کار و کردارەکانی مــرۆڤ، جیاکردنــەوەی بــەدکاری لــە چاکــەکاری، داهێنانــی پێوەرێــک، بنەمایــەک بــۆ بڕیــاردان دەربــارەی ئەنجامەکانــی کــرداری مــرۆڤ! مــرۆڤ وەک بوونەوەرێکـی ژیـری کۆمەڵایەتـی لـە بەرانبـەر خــۆی و ئەوانــی دیکــەدا چــی پێویســتە بیــکات و چــی نــەکات. بــە درێژایــی پەرەســەندنی مێــژوو، کۆمەڵگـە ئـەو تایبەتمەندییـەی خـۆی پاراسـتووە و دەســتبەرداری نەبــووە.

٥ – ناکـرێ لاری لــەوە هەبــێ کــە شــتێک لــە ئارادا نییـە بـە کوڵـک و پێسـتەوە پەسـند بکرێـت: مەبەسـت لە ڕاسـتییە (هەقیقەتە) جێگیر و نەگۆڕاو و دروسـتە ئاکارییـەکان کـە هەمیشـە گونجـاو بێـت و بـۆ گشـت کات و جێگەیـەک بگونجـێ، ئـەوی هەیـە بـژاردەی ئاکارییـە لەگـەڵ پێـوەر و بڕیـارە (حوکمـە) ئاکارییـەکان، ئـەو ڕەوشـە ئەنجامێکـە لـە

جیاوازی ئەو بنەمایانە (پێوەرانە) کەوتووەتەوە کە بڕیاری ئاکارییانە پشتیان پێ دەبەستێ، ئایا ئەو بنەمایە سروشتێکی ئایینی، ژیری، ویژدان، کۆمەڵایەتی هەیە، یان پشت بە سوود و قازانج و بەرژەوەندی دەبەستێ. بە هەر جۆرێک ئەو پرسیارە یەکلایی بکرێتەوە لەو سنوورە دەرباز نابێ کە بڕیارە ئاکارییەکان دوو جۆرن:

**یەک:** پێوەری بڕیاری ڕەها:

ئەو جۆرە پێوەرە پتر ڕەهەندێکی ئایدیالیستی – ئایینی هەیە و کێشە لەسەرە. پشت بە بنەما گشتی و بەها ڕەهاکان دەبەستێ و لەو ڕەوشەوە هەنگاو هەڵدەگرێ کە بڕیار (حوکمە) ئاکارییەکان بابەتین و پەکیان لەسەر ڕاز و نیاز و مراز و بڕیاری ناخی خودی مرۆڤ نەکەوتووە، چونکە ئەو جۆرە پێوەرەی بڕیاردانانە لە خۆیاندا ڕوون و ڕەوانن، بە واتای دیکارتی، بە ناچاریی هەمیشە ڕاستودروستن و بڕیاری گونجاو لە کات و جێگەی خۆیدا دەستەبەر دەبن، لەو سۆنگەیەوە ئاکار خۆی دەبێتە بابەتێکی پێوەرییانە لەوە دەکۆڵێتەوە کە پێویستە چۆن بێت، ئەوی لە ئارادا پشتگوێی دەخات لەو ئەرکەیدا پشت بە ژیر دەبەستێ. ئەگەر ئەو جۆرە پێوەرەی بڕیاردان پێی لەسەر چاکەکاری داگرتبێ بۆ گەیشتن بە مرازی خوازراو کە بەختەوەرییە، لە فەلسەفەی مۆدێرنی ئاکاردا پابەند بوون بەجێبەجێ کردنی ئەرک و فەرمان بە خاڵی سەرەکی دادەنرێت. ئەم هەڵوێستە بەشێوەیەکی ڕوون و ڕەوان لەلایەن ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی ئەڵمان ئەمانوییل کانت (١٧٢٤ – ١٨٨٤ز)، بە تایبەتی لە هەردوو شاکاری ڕەخنەکردنی ژیری کردەکی و دانانی بنەماکانی میتافیزیکی ئاکاردا تۆمار کراوە.

**دوو:** بنەمای بڕیاری ڕێژەیی:

ئەمەیان بە پێچەوانەوە، پێوەرەکە پابەند دەکات بەوەوە کە گشت بڕیارێکی ئاکاریی لەخودی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ و بەهاکانیش ڕێژەیین و لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و بەپێی کات و جێگە و کۆمەڵگە دەگۆڕێن و پەرە دەستێنن. مرۆڤ بە تەنیا خۆی داهێنەری بەهاکانە و بڕیار دەدات، بڕیاریش هەندەکی و دەگۆڕێن. پێوەری ئاکار لە هەلومەرجی لە ئارادا بووەوە دەکەوێتەوە.

ئەو ڕێبازەی ئاکار، ژیر دوور دەخاتەوە و هەست و سۆز پشکی شێریان بەردەکەوێ، ئیتر بەهاکان ئەو هێزەیان نامێنی خەڵک پابەندی بنەماکانی ئاکار بکەن و سوود و قازانج و بەرژەوەندی سەرئاو دەکەون و ئاکار بە قازانج و چێژەوە بەند دەکرێت. لەو ڕەوشەدا خواستی تاکەکەسی (ئیرادە) تاجی شاهانەی دەخرێتە سەر.

– ئەگەر مرۆڤ لە هەردوو ئاراستەکە وردببێتەوە چەند خاڵێک سەرنجی ڕادەکێشن، ئەگەر بە کێشەیان دابنێ وا بە سووک و ئاسانی یەکلایی ناکرێنەوە: بۆ یەکلایی کردنەوەیان پشت بە چی ببەسترێ و چی لەبەرچاو بگیرێ؟

**یەک:** ویژدان، خواست، ژیر، ئەزموون لە یەکتری خراونەتە سەنگەرەوە! کامیان لەوی دیکەیان کارا و شایستەترن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی فەلسەفەی ئاکار کردوونی بە خەمی خۆی.

**دوو:** ئەگەر بەختەوەری ئامانجی سەرەکی ژیان بێ، ئەمەش پەیوەستە بە لایەنی کار و کردارەوە، ڕۆڵێکی ئەوتۆ بۆ بەهاکان نامێنێ کە بتوانی پابەندبوونی ئاکارییانە جێگیر بکەن، چونکە سوود و قازانج و بەرژەوەندی لە بەهاکاندا جێگەیان بۆ ناکرێتەوە، ئەوکاتە پابەندبوون لاواز دەبێ و بەندکردنی ئاکار بەو سوود و قازانجە

ئەگەر نەبێ بە کێشە، وا ئاسان نامێنێ.

سێ: ئەو لایەنە گرنگە فەرامۆش کراوە کە بەهاکان جۆرە جێگیرییەکی ڕێژەییان پێوە دیارە (٥)، ئەگەرچی هەندێک لایەنی پێوەر و بڕیارەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت، ئیتر گۆڕانەکە تەنیا هەر لە ناوەڕۆکدا دەبێ و بنەما بنەڕەتییەکە جێگیرە و دەرفەتی گۆڕان نادات و نادرێ.

– بەو پێیە ئەو دوو ئاراستە سەرەکییەی پێوەری بڕیارەکانی ئاکار کە یەکێکیان ژێری کردووە بە سەرمەشق و ئەوی دیکەیان دەست بە دامێنی خواستی ئازادی مرۆڤەوە دەگرێ، دەکرێ بەو جۆرە هەڵبسەنگێنرێن:

لە چوارچێوە گشتییەکەدا ڕەهایەتی گرەوی خۆی بردووەتەوە، بەڵام لە وردەکارییەکاندا بنەمای ڕێژەیی کارا و باڵا بە دەستە، بەو پێیە بنەمای ڕەها و بنەمای ڕێژەیی هەردووکیان ڕاستن بەپێی کایە و هەلومەرجی لە ئارا بوودا.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

1- Paul Bommersheim: Vertrechts und Wertmacht. Berlin 1931. S. 114. ff.

2- Viktor kraft: Wertberiff und Werturteile: S. 44. In: Hrsg. von: Hans Albert und Ernst Topitsch: Werturteils- Streit. WB. Darmstadt. 1990.

٣ – مونیک کانتو سبیربیر و روڤین ادجیان: الفلسفة الاخلاقیة، ترجمة: الدکتور جورج زیناتي، دار الکتاب الجدید المتحدة، لیبیا – طرابلس، ٢٠٠٨، ص٣٤ – ٣٥.

4-Marx, k.: Thesen uber Feuerbach 1843. In: Marx, Engels: Gesammelte Werke. Koln 2016. S. 29 – 31.

٥ – د. منتهى عبد جاسم: معیار علم الأخلاق في الفلسفة البراغماتیة، دار التنویر، بیروت، ٢٠١٣، ص٥٦ وفي اماکن أخرى.